



ژمارە (٨٧٥) ■ ٢٠١٢/٤/١٦

# زۆیـــا:
# بەردەوام وەکو دایکێک ژیان بەسەردەبەم نەوەک هونەرمەند

دیمانە: خەلیل بلەیی



■ خانمە هونەرمەند زۆیا لەدیمانەیەکدا بەگۆڤاری «گوڵان»ی ڕاگەیاند، حەزدەکات گۆرانیە فۆلکلـۆرەکان زیندوو بکاتەوە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ستایلی پۆپ لەگەڵ دەنگ و ڕەنگی ئەو ناگونجێت. ■

زۆیــا یەکێکە لەو هونەرمەنــدە دەنگخۆش و ناســکانەی کە لەماوەیەکی کەمدا بوونی خۆی وەك ئافرەتێکــی هونەرمەند و بەتوانا ســەلماند، چونکە کاری هونەری لەشــوێنێکی وەك سوریا بــۆ کچە کوردێك تا ڕادەیەکــی زۆر زەحمەت و ئەستەمە.

زۆیا لەســاڵی ١٩٨٦ لەقامیشلۆ لەدایکبووە، لەتەمەنــی دوانــزە ســاڵیەوە دەســتی بەکاری هونــەری کــردووە لەســەرجەم چالاکیەکانی قوتابخانــەکان بەشــداریکردوە، بــۆ یەکەمجار لەساڵی٢٠٠٣ بەشــێوەیەکی ڕەسمی لەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی گۆرانی وتووە، لەساڵی ٢٠٠٦ یەکەم بەرهەمــی خۆی بڵاوکردۆتــەوە بەناوی (چاڤــێ تە) ســێ گۆرانی ئەو بەرهەمەشــی کلیپ کردووە، لەساڵی ٢٠١٠ بەرهەمێکی دیکەی تۆمارکردوە بەناوی (هێڤی مە) لەم بەرهەمەشی چەندین کلیپی بۆگۆرانییەکان کردووە.

زۆیــا لەدیمانەیەکی تایبــەت بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت «هاتنی ئەمجارەم بۆ کوردســتان بۆ شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بووە کە هونەرمەندانی هەرچوار پارچەکانی کوردستان تێیدا بەشــدار بوون، منیش وەکو هونەرمەندێکی ڕۆژئــاوای کوردســتان بەچەنــد چالاکییەکی هونەری جیاجیا بەشــداریم لەم فیستیڤاڵەدا کرد، جگە لەمەش چەندین کۆنسێرتی تریشم ئەنجامدا.

ئەم خانمە هونەرمەندە وەك باسی دەکات زۆر حەز دەکات گۆرانــی فۆلکۆری بڵێتەوە، دەشــڵێ: گەلێــك گۆرانی فۆلکۆری هــەن کە مردوون و خەریکە لەبیر جەماوەر دەچنەوە حەز دەکەم تازەیان بکەمــەوە لەبەرهەمەکانیشــم بەلایەنی کەم دوو لەگۆرانیــەکان فۆلکلــۆرن، هەروەها لەزۆربەی ئەوە کۆنسێرتانەی کە ســازیان دەکات زۆر پشت بەگۆرانــی فۆلکلــۆری دەبەســتێت. لەبارەی هەڵبژاردنی ســتایل و گۆرانییــە فۆلکلۆرەکان زۆیا وتی: بەزۆری ســتایلی خاو لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، بەپێچەوانەوە ســتایلی پۆپ زۆر لەگەڵ دەنگم ناگونجێت.

زۆیــا پێشــیوایە لەهەڵبژاردنی ســتایلەکان تارادەیــەك توانییەتــی جەماوەرەکــەی لەخــۆی ڕازی بــکات، ســەبارەت بەگۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیش ئاماژەی بەوەشدا بۆهەڵبژاردنی گۆرانیە فۆلکلۆریــەکان جوان گوێیان لێدەگرێت گەر هەســتی کرد لەگەڵ دەنگی دەگونجێت و دەتوانێت بەباشــی ئەدایان بــکات بەجۆرێك کە مافی گۆرانییەکە بــدات، ئەوکات بڕیار دەدات کە کاری لەسەر بکات بۆ بەرهەمەکەی، هەروەها حەزیش دەکات لەبەرهەمەکانی گۆرانی بەشێوەی ســۆرانی و بادینی بڵێت. زۆیا چەند ساڵێك بەر لەئێستا ناوبانگێکی باشــی بەدەست هێنا و بوو بەهونەرمەندێکی ناســراو، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئێســتا وەکو جاران نەماوە واتە تا ڕادەیەك دابڕانی پێوە دیارە ئەمەش بۆ باروودۆخی شەخسی و هەندێــك کێشــە و گرفتــی تایبەتی خۆی دەگەڕێنێتەوە.

هەروەها ســەبارەت بــەوەی هاوڕێیەتی چۆنە لەگــەڵ خوێندنــەوە زۆیــا وتــی «زۆر حەز لەخوێندنــەوە دەکەم، بەڵام لەبــەر نەبوونی کات ناتوانم بەپێی پێویســت بخوێنمەوە لەخوێندنیش تا چوومە نێو پرۆســەی هاوسەرگیرییەوە دەمخوێند دواتر وازم لەخوێندن هێنا، وەکو باسیشــی دەکات خوێنــدن بۆ هونەرمەند زۆر پێویســتە بەتایبەت ئەگەر بەشــێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنێت لەکاری هونەری ئەوکات سەرکەوتووتر دەبێت لەکارەکانیدا و بەشێوەیەکی زانستی کارەکانی ئەنجام دەدات، بەڵام لەسوریا ئێستا خوێندن زۆر ئەستەمە ئەگەر هەمبا دەمخوێند لەبەشی هونەری. وتیشی هاوڕێیەتیم زۆر کەمە لەگەڵ وەرزشــکردن هەرچەندە دەزانم کــە وەرزش زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ بەگشــتی و هونەرمەندان بەتایبەتی.

زۆیا لەبــارەی ئەوەی تاچەنــد حەز دەکات منداڵەکانــی ببــن بەهونەرمەنــد دەڵێت «حەز ناکەم منداڵەکانم ببنــە هونەرمەند، چونکە کێشــەوگرفت و ماندووبوونــی زۆرە بەردەوام سەرقاڵی هونەر دەبێ بەجۆرێك نابێت هیچ کارێك بکەی تەنیا کاری هونەری نەبێت.

زۆیا وەك خــۆی دەڵێت «زۆر حەز دەکەم لەکوردســتانی عێراق ژیان بەســەر بــەرم، بەڵام تاکو ئێستا بوارەکە بۆ من بەو شێوەیە نەبووە کــە بیر لەوە بکەمەوە، ئــەم خانمــە گۆرانیبێــژە ئەوەشی خستەڕوو کە وەکو هەموو ئافرەتێکی ئاسایی ڕۆژانە ژیان بەسەردەبات و لەماڵــەوە دایکە و کاروبــاری ناوماڵ ئەنجام دەدات و منداڵەکانــی بەخێــو دەکات و کابانێکی باشیشــە لەکارەکانی، زۆیا باس لەوەش دەکات لەبەر بوونی کۆت و بەندەکانی نێو کۆمەڵگە ناتوانێت لەسوریا بچێتە ئاهەنگەکان و حــەز ناکات زۆر لەنێو خەڵك دەربکەوێت، چونکە دایکە تووشــی کێشــەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.

لەبارەی هونــەری کوردیش زۆیا دەڵێ: هونەری گۆرانــی و موزیکــی کوردی لەپێشــکەوتنی بەردەوامدایــە لەهەموو ڕوویەکەوە، لەباشــووری کوردستان هونەرمەندی زۆر بەتوانا هەڵکەوتوون و هونەرێکی مۆدێرن پێشکەش دەکەن شان بەشانی پاراستنی هونەری ڕەسەنی کوردی، ئاواتەخوازم هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەش ئەو دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێت کە بتوانن کارە هونەرییەکانی خۆیان بەئازادی پێشکەش بکەن.



## کارۆل: من سەڵت و ئازادم

گۆرانیبێژی لوبنانی کارۆل سەماحە خۆی ئەو دەنگۆیانەی ڕەت کردەوە گوایە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ یوسف حەرەب کە کوردێکی لوبنانە و ڕێکخەری ئاهەنگەکانە.

یەکێك لە کارمەندانی ماڵپەڕی تویتەر پرسیاری ئەوەی ئاراستەی کارۆل کـر کە ئایا هەواڵی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ یوسف حەرب ڕاستە؟ کارۆل بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:(من ئازاد و سەڵتم ئەزیزم، ئەمە تەنیا پڕوپاگەندەیە) پێشتریش نووسینگەی کارۆل بە ڕەسمی هەواڵەکەی بەدرۆ خستبۆوە، شایەنی وتنە یوسف حەرب کوردێکی لوبنانییە یەکێکە لە ڕێکخەرە سەرکەوتووەکانی ئاهەنگەکان لە لوبنان و پێشتر بۆ ماوەیەك ژیانی هاوسەری لەگەڵ گۆرانیبێژی ناوداری لوبنانی نەجوا کەرەم پێکهێنابوو، بەڵام دواتر جیابوونەوە.





## مەزادێکی تایبەت بۆ کاتژمێرەکانی ئالن دیلۆن

لەو کاتەی کە ئەستێرەی سینەمایی فەرەنسی لە نەخۆشخانە کەوتووە بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشی دڵ دوای ئەو سووکە جەڵتەیەی کە لێیدا، لە پاریس مەزادێکی ئاشکرا کرایەوە بۆ فرۆشتنی کاتژمێرەکانی.

ئەم کاتژمێرانە ئەوانە بوون کە ئالن دیلۆن لە چەند کارە سینەماییەکی خۆی بەکاری هێنابوون و نرخیان گەیشتە نیو ملیۆن یۆرۆ، لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی (لۆباریزیان)ی فەرەنسی ڕایگەیاند: کاتژمێرەکانی دیلۆن زۆر زیاتر لەو نرخەی بۆیان دانرابوو فرۆشران، بۆ نموونە کاتژمێرێکی جۆری (ئۆدماری بیجیە) بە هەشتا ئەوەندەی ئەو نرخەی چاوەڕێ دەکرا فرۆشرا، ئەم کاتژمێرە لە ساڵی ١٩٧٦ ئالن دیلۆن لە فیلمی (بۆمرانج) و ساڵی ١٩٨٥ (قسەی پۆلیس) بەکاری هێنابوو، نرخەکەی بە ١٥٠٠ یۆرۆ خەملێندرابوو، بەڵام سەرپەرشتیارانی مەزادەکە تووشی شۆك بوون کاتێك بە زیاتر لە ٦٨ هەزار یۆرۆ فرۆشرا.

## کامێراکان ورد و درشـ



زۆر لە ئەستێرەکانی سینەما و ناودارەکان کاتێك لە تەلەفزیۆن یان لە فیلمێکدا بەشدارن، بە جوانترین شێوە دەردەکەون بەجۆرێك ڕەنگە کەسانی دیکە ئیرەیی پێ ببەن و ئەگەر زۆر بە وردیش سەیریان بکەی لەوانەیە هیچ کەموکوڕییەکیان لێ بەدی نەکرێت.

هەرچەندە ئەم هونەرمەندانە حەز ناکەن هیچ لە کەموکوڕیەکانیان دەرکەوێت ئەگەر هەشیان بێت، بەڵام زۆر جار لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نابن، بەتایبەتی ئەگەر زوومی کامێراکان لە بۆسە دانرابن بۆ دۆزینەوە و وێنەگرتنی بچووکترین کەموکوڕییەکانیان. بەم دواییە لەلایەن چەند وێنەگرێك بە وردی وێنەی پێی چەند ئەستێرەیەکیان گرت و بڵاوکردەوە بەتایبەتی پێشکەشکارە بەناوبانگەکانی جیهان، وێنەکان دەریانخست ئەمانە یان پەنجەی پێیان زیادە، یان تووشی گرفت و نەخۆشی پێیەکان بوونەتەوە،

# لوسی: زۆر لە سەماکارە میسرییەکان بەڕێزن

ئەکتەر و ســـەماکاری ناوداری میسری لوسی زۆر بەتوندی بەرگری لە سەماکارە هاوپیشەکانی خۆی کرد و بەزۆر بەڕێز ناوی بردن و پیشەی سەماکاریشی بە پیشەیەکی ئاسایی ناوزەد کرد.

لوسی دەربارەی ســـەماکارە میســـریەکان وتی: ٩٩٪یان کەسی زۆر بەڕێزن، زۆر کەس هێرش دەکاتە سەر سەماکارەکان بەبێ هۆ، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە سەما کردن کارێکی ئاساییە و لە زۆر شتی دیکە باشترە، ئەم وەڵامدانەوەی لوســـی دوای ئەوە هات کە چەند سەماکارێك ڕایانگەیاند یاداشـــتەکانی خۆیان نانووسنەوە. لەلایەکی دیکەوە لوسی ڕەتیکردەوە کە بیر لە وازهێنان لە هونەر و پۆشینی حیجاب بکاتەوە وەك هەندێـــك لە ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاماژەیان بۆی کردبوو وتی: من ئێســـتا خەریکـــی وێنەگرتنم لە زنجیرەیەکی نوێ بەناوی (دایکـــە پاشـــا) کە لە مانگی ڕەمەزاندا نمایش دەکرێت.





# ئەم جارەیان جیمس بۆند ڕوو لە یۆنان دەکات

کچە ئەکتەری یۆنانی تۆنیا ســـۆتیرۆبۆلۆ هەڵبژێردراوە بۆ بەشـــداری کردن لە نوێترین فیلمـــی زنجیرە فیلمەکانی ســـیخوڕی بەناوبانگ (جیمس بۆند) کە بەناوی (کەوتنە خوار لەئاسمان)ی بۆ دانراوە.

لـــەم بارەیەوە تۆنیـــا دەڵێ: هەڵبژاردنم بـــۆ بینینی ئەو ڕۆڵە لەڕێـــگای پەیجی تایبەتی خۆم بـــووە لە ماڵپەری فەیبســـوکەوە، تۆنیـــا هەروەهـــا دەڵێ: بەڕەســـمی من هەڵبژێردرام بۆ بینینی ڕۆڵ لەگەڵ دانیال کریگ کە ڕۆڵی جیمس بۆند دەبینێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەمزووانە ســـەردانی وڵاتی تورکیا دەکەم بۆئەوەی دەست بە وێنەگرتن بکەین.

## ـــــــتی هونەرمەندان ئاشکرا دەکەن



ئەویش یان لەبەر ئەوەیە کە پێڵاوی بەرز بەکاردەهێنن.

وەك لە وێنەکەدا دیارە ئەســـتێرەکان تووشـــی چەندین گرفت بوونەتەوە، لەوانـــەش ناومی کامبل و پاریس هلتـــۆن، هەروەها لە ڕێگای ئەم وێنانە دەرکەوتـــووە ئۆپیرا وینڤـــری یەکێك لە پێیەکانی شـــەش پەنجەی هەیە، هەروەها پارچەیەك گۆشـــتی زیاد لەسەر پێی چەپی کایت هادسۆن هەیە، ڤیکتۆریا بێکهامیش بە دەســـت چەند برینێکەوە دەناڵێنێت کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پێڵاوی تەسك تووشی بووە.



بەیروت- فایان عۆن

# شیرین عەبدولوەهاب بۆ گوڵان:

# ئیسلامییەکان لە میسر گۆرانیان لێ قەدەغەکردم

■ کچێکــی زۆر ســادەیە، لەهەمان کاتدا هونەرمەندێکی کامڵە، دەنگی پێگەیشــتووی ڕاســتی هەســتەکانی دەردەبڕێ، خاوەن سەروسیمایەکی سادە و ڕوح سووکە کە زوو دەچێتە دڵی بەرامبەر و توانا هونەریەکانی بێسنوورە، شیرین عەبدولوەهاب گشت مەرجەکانی ســەرکەوتنی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئافرەتێکی ڕاستگۆیە و زۆریش گرنگی بەتەندروستی خۆی دەدات، بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری بین ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.■

*** لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێ چی لەشیرین گۆڕاوە؟**

- زۆر شـــت لەژیانی مندا گۆڕاوە، لەو کاتەوە وك پیشـــەگەر دەستم بەکاری هونەری کردووە، هەســـت دەکەم من زیاتر پێگەیشتووم لەلایەنی هونەرییەوە، بۆیە هەست دەکەم بەحیکمەت و هێمنی و دووربینیەوە مامەڵە لەگەڵ کاتە ســـەختەکان دەکەم، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەست بەوە دەکەم کە دایکایەتی هەســـتێکی زۆر خۆشـــی لەلا دروستکردووم، جەماوەریش پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دڵسۆز.

*** هونەرمەند هەمیشـــە لەتەحەفـــوزدا دەژی، پێتوانییە ئەمە دەبێتە هۆی بێزاری؟**

- من ئینکاری ئەوە ناکەم، زۆر ڕۆژ هەیە وا باشـــتر بووە کە لەماڵی خۆمـــدا بمێنمەوە دوور لەناوبانگ و دەنگە دەنگ، بەڵام کە کاتم هەبێت دەچمە بازاڕ و ژیانی ئاسایی خۆم وەك هەر کەسێك بەسەر دەبەم.

*** پێتوایە گۆڕانکارییەکانی میسر کاریگەری هەبێت لەسەر هونەر؟**

-بێگومـــان گۆڕانکارییەکان کار لەهونەری ڕەســـەن نـــاکات، بەڵکو دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ، بەڵام کارە ئاست نزمەکان کە ئەمڕۆ گۆڕەپانەکەیان داگیر کـــردووە، ڕێگا بەخۆم نادەم ناویان بنێم (هونەری) و لەخانەی (هەرتەقە) یان دادەنێم و لەبیر دەکرێن.

*** کاتێك زانیت قەدەغەیە لەمیســـر گۆرانی بڵێیت هەســـتت بەچی کرد؟**

- هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو، قەت پێشبینی ئەوەم نەدەکرد.

*** ئەی چۆن مامەڵەت لەگەڵی کرد؟**

- من لەڕێگا بووم بۆ کوێت بۆ بەشـــداری کردن لەفیستیڤاڵی (هەلا فبرایەر) زۆرم لەلا ســـەیر بوو کە لەو کاتەی لەمیســـر نەبووم ئەو بڕیارە دەرچوو، تەنانەت زۆر بەگومان بووم لەڕاســـتی هەواڵەکە، چونکە پێشتر ئاگادار نەکرابوومەوە، بەڕاستی زۆر ئازاری دام، بەڵام لەبیرم کرد تا ئەو کاتەی گەڕامەوە میسر و دڵنیا بووم لەڕاستییەکەی.

***چ پەیامێکت هەیە بۆ ئەوانی بڕیارەکەیان دەرکردووە؟**

- پێموایە ئیمـــان ئەلبەحری نەقیبی هونەرمەندان ئەو قســـەیە باوەڕ نـــاکات دراوەتە پاڵی و ئەو هەموو پڕوپاگەندانـــەی کە کراون دەربارەی بابەتەکە، ســـوپاس بۆ خوا نەقیب و سەندیکا پاڵپشتی من بوون و بەرچاو ڕوونیەکیان هەبوو.

*** بیرت لەوزاهێنان نەکردەوە؟**

- نەخێر هەرگیز.

*** ڕات چییە بەرامبەر دانانی ناوی هەندێك هونەرمەند لەلیستی ڕەش و ڕێگا پێنەدانیان بۆ گۆرانی وتن لەهەندێك وڵات؟**

- ئەو کەســـەی گەندەڵی دەکات و بونیاد نانێـــت، ئەو هونەرمەندەی پەیامی باڵای هونەری ناگەیەنێت و دەوروبەری خۆی تێکدەدات پێویستە ناوی لەلیستانە دابنرێت.

*** ڕاستە خۆت بۆ کارێکی شانۆیی ئامادە دەکەی؟**

- لەدڵەوە حەز دەکەم.

*** ئایا بەرەخنە توڕە دەبی و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەی؟**

- گـــوێ لەڕەخنەی بونیادنەر دەگرم و لـــەزۆر کاتدا پێڕەوی دەکەم، ئەمەش زیاتر هانم دەدات بۆ بەردەوام بوون و بەدەســـتهێنانی سەرکەوتنی زیاتـــر، لەهەمان کات گوێ لـــەو ڕەخنە بێ بنەمایـــە ناگرم کە دوورە لەڕاستی.

*** بەڕای تۆ بۆچی بـــەردەوام پێوەندی نێوان هونەرمەند و ڕاگەیاندن جۆرێك لەبێ متمانەیی پێوە دیارە؟**

-هیـــچ هونەرمەندێك نییە حەز بکات پێوەنـــدی لەگەڵ میدیا نەبێت یان شـــێواو بێت، بەڵام با بەڕاستگۆیی و ڕاشکاوی قسە بکەین، پیشەی ڕۆژنامەوانی پیشـــەیەکی گەورەیە و خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆرم بۆی هەیە، چونکە چەندین کەسی بەتوانا و گەورە لەو بوارەدا دەرکەوتوون کە زۆر بەڕێزن و زۆریش خۆیان ماندوو کردووە و ئەرکیان کێشاوە تا گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە و توانیویانە خۆشەویستی و متمانەی خەڵك بەدەست بهێنن و قەناعەتیـــان بەخەڵك هێناوە بەبیروڕاکانیان، بەڵام بەداخەوە لەهەمان کاتدا هەندێك کەس ئیدیعای ئەوە دەکەن کە پیشـــەیان ڕۆژنامەوانییە و دەبینی چەنـــد کردەوەیەکی نابەجێ ئەنجام دەدەن کە وا لەهونەرمەند دەکات دوور بکەوێتەوە، بەهۆی پشت نەبەستنیان بەمسداقیەت لەگواستنەوەی هەواڵ، ئەوەی مایەی گریان و پێکەنینە کاتێك کەســـێك لەماڵپەرێکی ئەنتەرنێت شتێك بەبێ لێکۆڵینەوە لەڕاستییەکەی بڵاو دەکاتەوە، بەمجۆرەش لەچەند خولەکێکدا ئەم قســـە نادروســـتە بڵاودەبێتەوە، بەڕاســـتی ئەمە مایەی نیگەرانییە.

*** چی وایکردووە شیرین خاوەنی ئەم جەماوەرە زۆرە بێت؟**

-من نەگۆڕاوم هەر وەك خۆم ماومەتەوە، بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵە



لەگەڵ خەڵك دەکەم، عاشـــقی هەوادار و جەماوەری خۆمم، ئەگەر ئەوان نەبوونایە من نەدەگەیشتمە ئەو ئاستە و بەردەوام نەدەبووم.

*** میوانی بەرنامەی (ئەرەب ئایدل) بووی هەســـتت چی بوو کاتێك یەکێك لەبەشداربووان تۆی بەنموونەی بەرزی خۆی دانا؟**

-هەســـتم بەسەربەرزیەکی زۆر کرد و بەرپرســـیاریەتییەکەم زیاتر بوو، چونکە هێشـــتا تەمەنم بچووکە و دەبینم هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتوو من بەنموونەی بەرزی خۆی دادەنێت، هەستێکی زۆر خۆش بوو.

***تا ئێستا سەردانی هەولێرت نەکردووە؟**

- بەداخەوە نەخێر، بەڵام دوای ئەو هەمووەی لەسەر هەولێر و خەڵکەکەی بیستوومە بەجددی بیری لێ دەکەمەوە.

*** جەماوەرێکی زۆرت هەیە لەنێو کورد چ پەیامێکت بۆیان هەیە؟**

- هیوادارم ئاشتی و خۆشی بەردەوام لەکوردستان بەرقەرار بێت.

*** بیر لەسازکردنی ئاهەنگ ناکەیتەوە لەهەولێر؟**

- تا ئێستا هیچم پێشکەش نەکراوە، بەڵام نیەتم هەیە بێم بۆ هەولێر.